# هونەر وەك كەناڵێكی دەربڕین

## كۆمەڵگاو دەربڕینەكانی..."كێشەی ئازادبوون لە سیستمی زمانو دۆزینەوەی كەناڵە جیاجیاكان

"پێویستە چاوەكانمان بشۆرینو بەشێوەیەكی تر دنیا ببینین"

سوهرابی سپێهری

و: زانكۆ ئیسماعیل ڕۆژ

قسەكردنی جدی لەهونەر، قسەكردنی جدیشە لەبونیادی كلتورو بونیادی ڕۆحی كۆمەڵێك مرۆڤ، قسەكردنی جددی لەهونەر بەتەنیا خود بەخود ڕەهەندی هونەر ناگرێتەوە، بەڵكو ڕەهەندی مەعریفیو ئەقڵیو زەینی ئەو مرۆڤانەش دەگرێتەوە كەدەشێ قسەیان لەسەر بكەین. هەموو قسەكردنێك لەهونەر، قسەكردنیشە لەڕەهەندی زەینی ئەو كەسە، یاخود ئەو كۆمەڵە كەسە. دەشێ هونەر لەسادەترین پێناسەیدا بریتی بێت لەو دیدو ڕوئیا گەردوونیانەی كەسێك یاخود كەسانێك بۆ ژیان هەیانە. دەشێ هونەر بریتی بێت لە تەرجەمەكردنی ئەو حاڵەتە سایكۆلۆژیو زەینیو ڕۆحیانەی هەریەكێك لەئێمە هەیەتی بۆ ژیان. هەریەكێك لەئێمە لەودیو جەستەیەوە دەیەوێت بەشێوەیەكی دی لەگەڵ ژیاندا بدوێتو ژیان بناسێت. یاخود بەشێوەیەكی دی دەكرێت بگوترێ كەهونەر ڕووی ڕاستەقینەی ناوەوەی كەسێتی مرۆڤە. لەوانەیە هەموو ئەمانە پێناسە بن بۆ هونەرو بەشێوەیەك لەشێوەكان بیانەوێت پێمان بڵێن كەهونەر پرۆسەیەكی تەواو ئینسانیە.

هەوڵدان بۆ كەشفكردنو خوێندنەوەی ڕەهەندی هونەر لەمرۆڤدا، جگەلەوەی گرنگیو تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، بەشێوەیەكی دیكەش بونیادی زەینیو ئەقڵیو ئەو كەسەشمان نیشان دەدا، ئەمە ڕێمان پێ دەدا كەبڵێین خوێندنەوەی هونەر خۆی لەخۆیدا دۆزینەوەو كەشفكردنی لایەنە نادیارو شاراوەكانی مرۆڤە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی كەهونەر بەتەنیا زانستێكی دیاریكراو نیە، بەڵكو

چـــۆنیەتی ژیـــانو پێکـــەوە ژیـــانو بیرکردنـــەوەی کۆمـەڵێك کەسە. بەواتایـەکی تـر دەتـوانین بڵـێین ڕەهەندە شاردراوەکانی کەسـێك یـاخود کۆمـەڵێك کەس لەسیاسەتکردنیانو تەئەمول(تێرامان)نیـانو پێکەوە ژیانیانو فکرو ئەدەبیاندا خـۆی بـــەیان دەکا. کەواتە هەڵەیەکی ئێجگار گەورەیە گەر پێمان وابێت هونەر بەتەنیا لەیەك زانستی دیاریکراودا خۆی دەنوێنێت، لەڕاستیشدا هەروایە هونەر لەو شوێنەوە دەست پێ دەکا، کەمرۆڤ تیایدا بیر دەکاتەوەو تێفکرینی تیا دەکا. هەمووشمان ئەوە دەزانینو بیستومانە کەهونەر لەگەڵ لەدایك بوونی مرۆڤدا لەدایك بووە. بـەمەش خولقاندنی هونەر لەلایەن مرۆڤەوە ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کەهونەر پەیوەندی بەزەمەنێكو قۆناغێکی مێژووی دیاریکراوەوە نیە، یاخود بەکۆمەڵێك کەسی تایبەت و میللەتێکی دیاریکراوەوە. تایبەتمەندێتی هونەر لەوەدایە لەچەندەها شوێنی جیاجیادا ئامادەیەو خۆی دەردەخا، لەچۆنییەتی سیاسەتکردن، لەچۆنییەتی بیرکردنەوە، لەچۆنییەتی ژیانو پێکەوە ژیان، لەچۆنییەتی بونیادنانی گروپێك، لەچۆنییەتی هەموو ئەوشتانەی ئێمە ڕۆژانە سەرقاڵیانینو ئالودەیان بووین، نان خواردن، خەوتن، قسەکردنو ئاخاوتن، سێکسکردنو خۆشەویستی و پەروەردە بوونو هاوڕێیەتی کردنو چەندەها حاڵەتی تر، هەموو ئەمانەش بەشێکن لەزەینو ڕوئیاو ڕۆحییەتی ئێر بەرامبەر بەو جودی خۆمان. شمولیەتی هونەر لەوێوە دێت کەهونەر ڕێك ڕەنگ دانەوەی زەینی ئێمەیە، ڕەنگ دانەوەی حاڵەتی سایکۆلۆژیو ڕۆحی ئێمەیە، هونەر پسپۆڕی نیە، واتە کەسێك هونەرمەندەو ئەوی دیکە نەو. ئەمە خراپترین جۆری تەسەورە بۆ هونەر، چونکە هونەر شتێك نیە لەجێگەو شوێنێکی دیاریکراودا لەنگەر بگرێت. هونەر وەستانی بۆنیەو لەهیچ شوێنێکیشدا خۆی گرمۆڵە ناکات، بەپێچەوانەوە لەبەرئەوەی هونەر ڕەنگدانەوەی زەینو سایکۆلۆژیای ئێمەیە، لەبەرئەوەی هونەر گوزارشتە لەناوەوەی ئێمە، لەبەرئەوەی هونەر گوزارشتە لەڕۆحی ئێمە، ئیدی هونەر لەهەموو شوێنو لەهەموو جێگەیەکدا ئامادەیە، ڕاستە کەهونەر چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەیەو پێی دەڵێن بواری هونەر، کەدواتر دێمە سەر قسەکردن لەو بوارەش، بەڵام هونەر خۆی لەخۆیدا هەڵگری جۆرێك شمولیەتە، ڕاستریش وایە بڵێین کەخود بەخود هونەر مومارەسەکردنی ژیانە لەڕەمزەکاندا، مەبەستی یەکەمیش لەم مومارەسەکردنە، بریتیە لەگەڕانەوە بۆ ئێر وجودی، یاخود ئاوێتەبوونی ڕۆحی مرۆڤە لەگەڵ وجود. هونەر شکاندنی ئەو دیوارانەیە یاخود لابردنی ئەو بەربەستانەیە کەلە دەرەنجامی

موجامەلەكردنی ژیانەوە دروست بووە، موجامەلەكردنی ژیان واتە ئەو كۆت‌و بەندە كۆمەڵایەتی‌و سیاسیانەی مرۆڤەكان لەدەرەنجامی پێكهاتنی كۆمەڵگایەك بۆ خۆیان دروستیان كردووە. هونەر بەشێوەیەكی دی مومارەسەكردنی ئەوەیە كەلە ناوەوەماندایە. مومارەسەكردنی زەین‌و ڕوئیای خۆمانە بۆ دەوروپشتمان، ئەم مومارەسەكردنە هەوڵدانە بۆئەوەی ژیان بەسادەترین شێوە ببینین، یاخود بەڕوونترین‌و تەنكترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ بكەین.

مرۆڤ لەكاتی هەڵپەڕیندا، هەڵبەت هەڵپەڕكێ یاخود سەماكردن لەنێو تەواوی كلتورەكاندا بەشێوەی جیاجیا هەیە، مرۆڤ لەم مومارەسەیەیدا دەیەوێت ئەو مناڵە بنوێنێت‌و نمایدەی ئەو مناڵە بكات كەلەناوەوەیدا هەیە، لەقوڵای هەریەكێك لەئێر مناڵێك هەیە، ئەو مناڵە حاڵەتێكی سروشتی‌و نۆرماڵە، ئەو مناڵە پێویستی بەیاری‌و گەمەكردن هەیە، دەشێ هەڵپەڕكێ‌و سەماكردن ڕەنگ دانەوەی ئەو مناڵەبن، بەڵام خۆ هەڵەپڕكێ‌و سەماكردن جۆرێكن لەهونەرو بەشێكن لەمومارەسەی هونەری هەر هۆزو میللەتێك. خۆگەر هەڵپەڕكێ بەڕەمز یاخود بەسیمبول وەریبگرین، ئەوا ئێمە دەمانەوێت مومارەسەی مناڵێتیمان بكەین لەو ڕەمزەدا. گرنگ لەوەدایە هەڵەپڕین‌و سەماكردن گوزارشت لەناوەوەمان دەكەن‌و مناڵێتیشمان لەهەڵپەڕین‌و سەماكردندا فۆرمەلە لەدەبن. هەرچەندە هەڵپەڕین‌و سەماكردن فۆرمێكی كۆمەڵایەتیان وەرگرتووەو بەشێكن لەدیاردە سۆسیۆلۆژییەكان بەڵام لەناواخنیاندا حاڵەتێكی سایكۆلۆژی تاكە گوزارشتە لەو بەشەی مرۆڤ كەوەك پێویست هەستمان پێ نەكردووە. ئەوەمان لەبیرنەچێت كەنامەوێت لێرەدا لێكدانەوەیەكی سایكۆلۆژی بۆ هونەر بكەم، بەڵام خۆ هونەر لەهەگبەیدا ئەو لایەنە شاراوانەمان نیشان دەدا كەگوزارشتن لەناوەوەی مرۆڤ. ئەگەر هەر هەڵەپەڕین‌و سەما بەنموونە وەربگرینەوە، دەگەینە زۆر ڕاستی تر، هەڵپەڕین بەتەنیا جوڵاندنەوەی جەستە نیە بەشێوەیەكی هەڕەمەكی(عشوائی)، یاخود بەشێوەیەكی ڕێكخراو، هەڵپەڕین تەنیا ڕەمزی نەتەوایەتی‌و هۆزو خێلێكی دیاریكراو نیە، ڕاستە ئەمانە دواتر لەماناكانی هەڵپەڕین‌و سەماكردنن، بەڵام پەیامی ڕاستەقینەو سەرەكی سەماكردن‌و هەڵپەڕین لەو حاڵەتە زەینی‌و سایكۆلۆژییەدا خۆی بەرجەستە دەكات كەتاكەكانی هەر هۆزو خێڵ‌و میللەتێك هەڵیانگرتووە. ڕاستە كەهەمو هۆزو خێڵ‌و كۆمەڵگایەكی دیاریكراو پێكهاتوون لەسەر ئەوەی بەشێوەیەكی دیاریكراو هەڵپەڕین‌و سەما بكەن، ئەوان لەسەر ئەوە ڕێكەوتوون چۆن سەما بكەن‌و كەی‌و چۆن هەڵپەڕن؟ بەڵام هەڵپەڕین بەتەنیا بۆ

ئەوان تەنیا مانایەكی كۆمەڵایەتی نادات بەدەستەوە، بەڵكو ئەوان لەهەڵپەڕین دا مومارەسەی ویستێكی ناوەوەی خۆیان دەكەن. هەڵپەڕینو سەما بۆ ئەوان زیاد لەمانایەكی هەیەو گەمەیەكی ڕۆحیو جەستەیی لەزەت بەخشە. كۆكردنەوەی سەرجەم ماناكانی هەڵپەڕینو سەماكردن بەتەنیا لەڕەمزێكی نەتەوایەتیو خێڵەكیانەدا هەڵەیەكی گەورەیە، ئەمە سەبارەت بەشێوەكانی دیكەی هونەریش هەر ڕاستە. بەشێوەیەكی دیكە دەشێ بوترێ هونەر لەهەموو حاڵەتە سەرتاسەرییەكاندا گوزارشتە بەشێوەی جیاجیا لەسەرجەمی ئەو حاڵەتە جیاوازانەی لەناوەوەی هەریەكێك لەئێمەدا هەیە. هونەر بەشێوەیەكی دی بریتیە لەهەوڵی مرۆڤ بۆ ئەوەی بەشێوەیەكی دیكە تەماشای ژیان بكەین، هەوڵێكە بۆ لابردنی ئەو كۆدانەی كەوتۆتە نێوان ئێمەو شتە جیاوازەكان. ڕاستە كە هونەر بەشێوەیەك لەشێوەكان جۆرێكە لەپیشە، دەشێ كەسێكمان هەبێت پەیكەر تاش، مۆزێك ژەن، شانۆ كار، یاخود هەر شتێكی لەوجۆرە، یاخود دەكرێ كەسێكمان هەبێت ژیانی ڕۆژانەیان لەسەر هونەر دابین بكەن، دارتاشو بیناسازومامۆستاو تەواوی پیشەكانی تر، كە هیچ یەكێك لەو پیشانە بێبەش نیە لەهونەرو مومارەسەی هونەری. ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە كەهونەر هەوڵی مرۆڤە بۆ ئەوەی بەشێوەیەكی دی ژیان ببینێتەوە. دەگوترێ كەهونەر لاسایی كردنەوەی سروشتە، خۆگەر لەگۆشەیەكیشەوە ئەم گوتەیە بەهەند وەربگیرێ، ئەوا ئەوە ڕوون دەبێتەوە كە لە نێو مرۆڤدا حاڵەتێك هەیە جیاواز نیە لە ئیرادەی خولقاندن و ئیرادەی داهێنان. مرۆڤ بەلاسایی كردنەوەی سروشتیش بێت(وەك گوتراوە) دەیەوێت بێ بەش نەبێت لەئەفراندنو داهێنان. لەڕاستیشدا ئەبێت

ئەوە لەبەرچاو بگرین كەزۆریو جیاوازی پێناسەكان لەسەر هونەر وایكردووە پێناسەیەكی تەواوو یەكانیگیرمان نەبێت لەسەر هونەر، نهێنی هونەر هەر لەمەشدایە كەپێناسەیەكی دیاریكراوی تەواو نییە، هونەر لەبەرئەوەی ناچێتە ژێر ڕكێفی هیچ پێناسەیەكەوە، بەردەوام خەیاڵدانێكی گەورەو فراوانی هەیە. ڕاستە كەهونەر پیشە نیەو ناشبێ بكرێتە پیشەیەكی ڕووتەڵەك، بەڵام لەهەموو پیشەیەكدا هونەر هەبێت، هونەر بەدوو مانا دێت، وەك دیدێكی نوێ بۆ ژیان، وەك ڕەنگدانەوەی ئەو زەینو سایكۆلۆژییەتری هەمانە بۆ ژیان. ڕاستە دارتاشی هونەرێكی دیاریكراو نیە، بەڵام هونەرێكی مەزنیش لەدارتاشیدا ئامادەیە، ئەو هونەرەی كەلەپیشەی دارتاشیدا ئامادەیە دوو دیوی دیاریكراوی هەیە، یەكەمیان، زەینی كەسی دارتاش، دووەمیان، دیدی روئیای ئەو بۆ ژیان. ڕاستە دارتاش كەسێك نیە تیۆرێك دابڕێژێ بۆ

ئەوەی دیدو روئیای خۆمان پێبڵێ بۆ ژیان، ڕاستە لەدروست کردنی کورسییەکدا دیدو روئیا بەرجەستە ناکرێت، بەڵام کورسییەك دەتوانێت پێمان بڵێت کەدروستکەرەکەی گەرەکییەتی لەژیان بڕوانێت‌و تاچ ئاستێك گرنگی بەشتە جیاوازەکان دەدات. کورسییەك بۆ ئێمە هیچ نیە جگە لەو ئامێرەی بەکاریدەهێنین بۆ دانیشتن. بەڵام کورسی لەزەینی دروستکەرەکەیدا هەوڵێکە بۆ ئەفراندنی شتێك، ئەمە جگەلەوەی لەو ئەفراندنەدا چەندەها بیرو باوەڕی جیاجیا هەیەو ئێمە وەك پێویست لەکورسییەکەدا هەستمان پێ نەکردووە. خۆگەر کورسییەك تەنیا ئامێرێك بێت بۆ دانیشتن، ئەی دروستکردنی پەیکەری ئەسپێك، مانایەکی هەیە؟ کێشانی وێنەی دیمەنێکی سروشتی چ مانایەکی هەیە؟ ناتوانم بڵێم کە لە کورسییەکەدا هیچ هونەرێك ئامادە نیە، چونکە گەر ئەوەمان ووت ئەوا خودبەخود هونەرمان کردە پیشەو لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەیهێڵینەوە. بۆ ئەوەی ڕوونتر قسەکەمان بگەیەنین، دەکرێ بڵێین‌و بپرسین پەیام لەدروستکردنی پەیکەرێکدا چیە، کەکۆمەڵێك ماددەی سەرەتاییەو لەتێکەڵەیەکدا ئەو پەیکەرەی لێ دروست دەکرێت؟ یاخود لەژەنینی ئامێرێکی مۆزیکیدا دەبێت ژ مانایەك هەبێت؟ یاخود لەهەر شتێکی تردا کەبە مومارەسەیەکی هونەری هەژمار دەکرێت؟

مرۆڤ لەزەینی خۆییدا بەردەوام دەیەوێت ژیان بەشێوەیەکی‌تر ببینێت، هەمیشە ئەم ویستە یەخەی بەمرۆڤ گرتووەو دەیەوێت مرۆڤ دەربهێنێت لەسوڕی ئەو ژیانەی ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە. ویستی ئێمە بۆ ئەوەی ژیانێکی نوێ بخولقێنین لەزەین‌و خەیاڵدانی هەریەکێك لەئێمەدا خۆی چەسپاندووە. ئەم ویستە دەکرێ بەئیرادەی ژیان، یاخود ئیرادەی ژیان بوون ناوی ببەین، ئیرادەی ژیانبوون کە گوزارشتە لەڕۆح‌و زەینی ئێمە بۆ ژیان دەیەوێت بەهەر شێوەیەك بووە خۆی گوزارشت بکا، ئیتر بەهەر شێوەیەك بووە گرنگ ئەوەیە ئیرادەی ژیان دەیەوێت پێمان بڵێت کەدەشێ ژیان بەشێوەیەکی جوانترو بەرزترو مەزنتر ببێت. ئیرادەی ژیان تەنیا کەڵکەڵەیەك نیەو لەزەین‌و سایکۆلۆژییەتی ئێمەدا بمێنێتەوە. بەڵکو بەهەر شێوەیەك بووە دەیەوێت خۆی گوزارشت بکا، یاخود خۆی لەجۆرەها شتی جیاوازدا بەرجەستە بکا، یاخود بەهەر شێوەیەك بووە خۆی مانیڤێست بکا. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر هەڵپەڕین‌و سەماکردن، جارێکی‌تر هەست بەوە دەکەین کەئەو کەسەی هەڵدەپەڕێت، یاخود سەما دەکا، مەبەستێتی لەکۆت‌و بەندو یاساو ڕێساکانی ڕۆژانە دەربچێت‌و بتوانێت بەشێوەیەکی جیا مومارەسەی ژیانی ڕۆژانەی خۆی بکا، هەڵپەڕین‌و سەماکردن بەشێکن لەو هەوڵەی مرۆڤ لەو

پێناوەدا دەیدا. کەسێك کەهەڵدەپەڕێت، دەیەوێت بەشێوەیەکیتر جەستە بەکاربهێنێت، جیاواز لەو ساتانەی جەستە بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەکار ئەهێنێت، جولاندنی دەست، جولاندنی چاو، سەر، قاچ، برۆو شانو هەموو بەشەکانی تری جەستە. ئەمە جگەلەوەی سایکۆلۆژییەتی مرۆڤ لەکاتی ئاساییو لەکاتی هەڵپەڕیندا جیاوازییەکی زۆری هەیە. لێرەدا هەق وایە خوێنەر ئاگادار بکەمەوە لەوەی کەگەرەکمانە ڕەگو ڕیشەکانی سەماکردنو هەڵپەڕین بەشێوەیەکی مەعریفی بخوێنینەوە، نەوەك ئەوەی هەموو جۆرە سەماکردنو هەڵەپڕینێك بچنە چوارچێوەی ئەم قسانەی ئێمەوە. لەبەشەکانی داهاتوودا زیاتر قسە لەو جیاوازیانە دەکەینو باس لەسەلیقەی هونەریو سەلیقەی ناهونەری دەکەین. بەڵام ئەوەندە هەیە کەدەمانەوێت بڵێین، هونەر جگەلەوەی ڕەنگدانەوەی زەینی ئێمەیە، جگەلەوەی گوزارشتە لەناوەوەی ئێمە، هەوڵی مرۆڤیشە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دی تەماشای ژیانو وجود بکات. تەماشای ئەو شتانە بکەین کەڕۆژانە لەفۆرمێكو سیستمێکی دیاریکراودا دەیانبینین. هونەر بەئاڕاستەیەك ئیشکردنە بۆ گۆڕینی ئەو فۆرمو سیستمە. هەر کارێکی هونەریو هەر هەوڵێکی هونەری ئیشکردن نەبێت بەئاڕاستەی گۆڕینی فۆڕمو سیستمەکان، نەکاری هونەرییەو نەڕۆحی هونەریش تێیدا ئامادەیە. هونەر لەمانای ڕاستەقینەی خۆیدا هەڵگری پەیامێکە بۆ ئیشکردن لەسەر گۆڕینی فۆرمو سیستمەکان، هەڵپەڕینو سەماکردن هەوڵن بۆ گۆڕینی سیستمی جەستەی خۆمان، گۆڕینی فۆرمی ژیانی ڕۆژانەمان، سەماکردن، دەیەوێت پێمان بڵێت کەدەشێ جەستە بەشێوەی زۆر جیاواز بجولێنرێت، جیاواز لەو جولەیەی ڕۆژانە بەرجەستەدەکرێت. گرفتێکی گەورەش کەئەمرۆ یەخەی بەهونەر گرتووە ئەوەیە بۆتە مۆدێلو باو. لەڕاستیدا ساتەوەختی بەمۆدێل بوونی هونەر ساتەوەختی لەناو چوونییەتی، چونکە هونەر لەجەوهەریدا دیدو ڕوئیاو زەینی کەسێکمان نیشان دەدا، نەوەك کەسێك کەکۆپی ئەوانی ترە، ئەوانی تریش هەموو کۆپی یەکن، هونەر کەبووە کۆپی کردنەوەی یەکتر ئیدی نەزەینی کەسێکمان نیشان دەداو نەگوزارشت دەبێت لەسایکۆلۆژییەتی کەسێك. گەر هونەر لەمانا جەهەرییەکەیدا کەسێکمان نیشان نەدا، هیچی نەکردووەو شایەنی هیچ ڕێزێکیش نیە.

گەر ئێمە پێمان وابێت تەنیا زمانو سیستمی قسەکردن دەتوانن گوزارشت لەناوەوەی مرۆڤ بکەن، ئەوا خودبەخود هەموو مرۆڤ بچوك دەکەینەوە لەسیستمی زماندا، هەڵبەت ئەمەش بەئاسانی مانای کوشتنی مرۆڤە. واتە لەناو بردنی مرۆڤە بەشێوەیەکی بێدەنگ. خۆ گەر لەم بارەیەوە

بگەڕێینەوە بۆ ژنە فەیلەسوفی ئەمریکی"سۆزان لانچەر"و پشت بەو ببەستین بۆ ڕاستی قسەکانمان ئەوا ئەو دەڵێت هونەرو مێتافیزیکا پڕن لەئاماژەو مانای ئەقڵی، هەرچەندە ئەم مانایانە ناتوانین بیانخەینە ژێر حوکمی لۆژیکەوە لەبەرئەوەی دەرهاویشتەی زمانیینو لۆژیکیش بەتەنیا مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکا. بەڵام ئەمە نابێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەدا کەئاماژەو مانای ئەقڵی لەهونەرو مێتافیزیکادا هەبێت، چونکە زانستی مانا بوارێکی زۆر فراوانتری هەیە لەزانستی زمان)).

لانچەر دەیەوێت پێمان بڵێت کە ئەوە تەنیا زمان نیە گوزارشت لەبیرو هۆشی مرۆڤ دەکا، تەنیا زمان نیە زەینو خەیاڵدانی مرۆڤ نیشان دەدا، بەڵکو هونەرو مێتافیزیکاش ئەو کارەیان پێ دەکرێت، هەرچەندە خاتوو لانچەر ئەو خاڵەش دەستنیشان دەکا کەهەرچی گوزارشتی هونەریو مێتافیزیکی هەیە ناچێتە ژێر حوکمی لۆژیکەوە، چونکە هەروەك ئەم خانمە دەستنیشانی دەکا لۆژیك بەتەنیا مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکاتو هونەرو ئەو دەرهاویشتەی زمان نین. ئەم خانمە بەتوندی دژی ئەو بیرو ڕایە دەوەستێتەوە کە دەڵێت هەرچیەك نەچووە ژێر داڕشتەی زمانەوە، یاخود نەچووە ژێر حوکمی سیستمی زمانەوە، ئەوا لەدەرەوەی مەعریفەی مرۆڤایەتییەو بریتیە لەخەیاڵو وەهم. خاتوو لانچەر لەم بارەیەوە دەڵێت ڕاستە زمان کەرەستەی یەکەمە بۆ گوزارشتکردن لەناوەوەی خۆمان، بەڵام ئیدی ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەهەرچی زمان نەیتوانی گوزارشتی لێبکات، ئیتر بریتی بێت لە"هیچ"!

لێرەوە خاتوو سۆزان دەیەوێت ئەوە نیشانبدا کەزەینی مرۆڤ لەوە گەورەترو فراوانترە بەتەنیا لەسیستمی زماندا قەتیسی بکەینو تەنیا بەگوزارشتی زماندا بیناسینەوە. لای لانچەر ئەمە تەنیا بیروڕایەك نیە لەسەر هونەر، بەڵکو دیدێکی ترە بۆ مرۆڤ، جیاواز لەوەی دیدێکی میکانیکیمان هەبێت بۆ مرۆڤ. خاتوو سۆزان لای وایە کەقەتیسکردنی مرۆڤ لەچوارچێوەی زماندا دژایەتی کردنی خودی زمانیشە.

خاتوو لانچەر ئەوەی تێپەڕاندووە کەپێی وابێت هونەر تەنیا هەڵچونو داچونێکی سۆزدارییانەی ناوەوەی مرۆڤ بێت. بەشێوەیەکی دی ئەو لای وایە کەپرۆسە هونەرییەکان فراوانترو بەرینترن بۆ قسەکردنو گوزارشتکردن. واتە پرۆسەی هونەری قوڵتر زەینی هونەریمان نیشانبدا، بەمانایەکی جیاوازتر ئەوەی کەسێکی ئاسایی لەنێو سیتمی زماندا بۆی گوزارشت ناکرێ، لەمومارەسەکردنی هونەردا بۆی دەکرێت. بەشێوەیەکی پێچەوانە دەکرێ دەرك بەو هەقیقەتە بکەین کەئەو شتەی لەسیستمی زمانیدا ناتوانین کەشفی بکەینو

بیناسینەوە، واتە لەچوارچێوەی قسەدا بیناسرێتەوە، ئەوا بەشێوەیەکی دی دەکرێ لەپرۆسەی هونەریو سەلیقە هونەرییەکەیدا بناسینەوە. ئەوەی لەنێو سیستمە زمانیەکەیدا بۆمان دەرنایەت، دەکرێ لەنێو پرۆسە هونەرییەکەییو سەلیقەی هونەرییەکەیدا دەریبهێنین. کەواتە هونەر سیستمێکی ماناو ئاماژە بەخشینە، دەرفەتێکیترە بۆئەوەی مرۆڤ لەگەڵ خۆیو دنیای دەرەوەی خۆیدا بکرێتەوەو بدوێت. ئەوەی خاتوو لانچەر لەم بارەیەوە دەیڵێت هەر ئەوەیە کەفەیلەسوفی مەزن ئەرنست کاسیر لەبارەی سیمبولەکانەوە وتوویەتی، خاتوو لانچەر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کەهونەر بەتەنیا حاڵەتێکی ویژدانی نیەو لەکۆمەڵێك چەکوچ کاریو فلچە وەشاندنو دەست جولاندن بۆ مۆسیقادا خۆی دەربخا، چەکوچکاریو فڵچەوەشاندن بەتەنیا بەهرەیەك نین، هەڵبەت بەش بەحاڵی خۆم لەسەر وشەی بەهرە ڕادەوەستمو ئەو لایەنە تەمومژاوییە ڕوون دەکەمەوە کەوشەی بەهرە لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە. لەکلتوری ئێمەدا تەفسیرێکی ڕەوانو ڕوون نیە و ووشەی بەهرە، تەنیا ئەوەندە نەبێت کەبەهرە بریتیە لەهێزێکی بێ سنورو ئەفسوناوی لەکەسێکدا سەرهەڵدەدات، بەبێ ئەوەی سەرچاوەی ئەم هێزەو هاتنی لامان ڕوون بێت، کەسێك کەبەهرەی هەیە، دەتوانێت زۆرشت لەبوارەکەی خۆیدا بکا، بەبێ ئەوەی ئێمە بزانین ئەم کەسە بەچیو چۆن توانی ئەم کارە بکا؟ بەهرە لەزەینی ئێمەدا هێزێکە لەئاسمانەوە بەخشراوەو دابەزیوەتە سەر کەسێك بەبێ ئەوەی ئەو کەسە بەخۆی زانیبێت، یاخود بیزانێت، ئەم تەفسیرەی نێو دنیای ئێمە بۆ بەهرە هیچ بنەمایەکی لۆژیکی نیەو ناچێتە ژێر هیچ کام لەحوکمە لۆژیکییەکانەوە. چونکو گونجاو نیە کەسێك تەنیا گەیەنەری توانایەك بێتو بەس، واتە کەرەستەیەك بێت بۆ گەیاندنی هێزو توانایەك کەهیچ پەیوەندییەکی بەو کەسە خۆیەوە نەبێت. ئەگوترێ فلانە کەس بەهرەی شعری هەیە، بەمانای ئەوەی هێزو توانایەکی بێ سنوری هەیە بۆ شعر بەبێ ئەوەی ئەو خۆی خاوەنی هەقیقی ئەو هێزو توانایە بێت. یاخود دەگوترێ"بەهرەی لاوانو گەنجان" واتە ئەو هێزو توانایەی توێژێکی دیاریکراو هەیەتی، بەڵام لەڕاستیدا هیچ خاوەنی ئەو هێزە نین، بەڵکو هەر خودبەخود پێی بەخشراوەو ئەو تەنیا گەیەنەری ئەو توانایەیە نەوەکو بەرهەمهێنەری بێت. ئەمەش بەشێوەیەکی دیکە مانایەکی تر دەبەخشێت کەلەهێزو توانایەکی دیاریکراوی هونەریدا زەینو ڕۆحی کەسەکە هیچ ئامادەیی نیە، یاخود ڕاستر وایە کەبڵێین پەیوەندی نێوان هونەریستو کارەکەی یاخود هونەرو هونەریست پەیوەندییەکی ڕۆتینیەو

بەشێوەیەكی ئالی هونەریست ئەو هێزو توانایە دەگەیەنێت. ئەم بۆچوونە بۆ هونەر هەر لەوێوە سەرچاوە دەگرێت كەفلانە كەس بەهرەی هەیەو ئەوی دیكە نیەتی! بۆ ئەوەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە نەڕۆین ئەوەندە هەیە كەبڵێین هونەر لەهەموو حاڵەتەكانیدا گوزارشتی ناوەوەی كەسێكە، گوزارشتی زەینی ئەو كەسەیە. گوزارشتە لەلایەنە دەروونیەكانی ئەو كەسە، دیدو ڕوئیای كەسێكە بۆ ژیانو بۆ دەرەوەی خۆی. با بگەڕێینەوە بۆ لای خاتوو سۆزان لانچەر بۆ ئەوەی بەشێوەیەكی تێروتەسەلتر ڕای ئەو بزانین لەبارەی فەلسەفەی هونەرەوە. خاتوونمان دەڵێت ڕاستە كەهونەر لێكۆڵینەوەیەكی ئەقڵی نیە بەڵام پێویستیەكیشە لەپێویستییەكانی ئەقڵ. هونەر پرۆسەی داهێنانی شێوەكانە كەقابیلن بەوەی بەهەست دەركیان پێ بكرێت، لەهەمان كاتیشدا گوزارشتن لەهەستی مرۆڤ. سەرنج بدەن لەوەی خاتوو لانچەر ناڵێت شێوە هونەرییەكان هەستپێكراون بەڵكو دەڵێ قابیلن بەدەرك پێكردنو هەست پێكردن، خاتوو لانچەر ئاماژە بەوە دەدا كەهەندێك لەشێوە هونەرییەكان هەستەكانی دەرەوەمان ناجولێنن، بەڵكو خەیاڵو زەینمان دەجولێنن، وەكو ڕۆمانو شعر، دواجار ئێمە لەڕێی وێنە زەینیەكانی خۆمانەوە لەو شێوە هونەرییە تێئەگەین، بەرلەوەی تێگەیشتن ئەو شێوە هونەرییانە هەستپێكراو بووین. كەواتە دەكرێ بڵێین هونەر بەشێوەیەك لەشێوەكان پرۆسەیەكی ئەقڵییە، بەڵام بەزمانێكی جیاواز لەسیستمی گوزارشتكردنی زمانەوانی.

گرنگیشە ئاماژەیەكی خێرا بدەین بەوەی كەڕۆڵی زمان ڕۆڵێكی ئاڵۆزەو كردەیەكی فرەلایەنو هەمەچەشنەیە. هەر بۆیە لەهەموو حاڵەتەكاندا زمان لایەنی یەكەمی زانستی گوزارشتكردن بووە. زمان لەبەرئەوەی پێویستی بەهیچ كەرەستەیەك نیە، جگە لە كەرەستەی وشە، دەكرێت لەهەموو حاڵەتەكاندا ئامادەبێتو بەكاربهێنرێت. لەبەرئەوە زمان بەدرێژای مێژووی خۆی دەستی بۆ براوە وەك كەرەستەی یەكەمی گوزارشتكردن لەزەینو ناوەوەی مرۆڤ. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كەمرۆڤ جگەلە كەناڵی زمان هیچ كەناڵێكی دیكە شك نابات بۆ گەیاندنی ئەوەی لەناوەوەیدا هەیەو كۆبۆتەوە. خاتوونمان بەتوندی ئەوە ڕەت دەكاتەوە كەهونەر وەڵامدانەوەیەكی ئۆتۆماتیكی شتەكانی دەوروپشتمان بێت، واتە هونەر كاردانەوە بێت بۆ ئەو شتانەی لەدەوروپشتمانن بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی، لەم چركە ساتەدا هونەر مانایەكی ئەوتۆی بۆ نامێنێتەوە، هونەر بەم شێوەیە نابێتە كەناڵێك بۆ گوزارشتكردن، بەڵكو دەبێتە خاڵی گەیاندنو وەرگرتنی ئەو شتانەی لەدەرەوە ڕوودەدەن. هونەر

لەم حاڵەتەیدا گوزارشت نیە لەزەین‌و روئیای کەسێك، بریتیە نیە لەوێنەی ناوەوەی کەسێك، بەڵکو بریتی دەبێت لەماشێنێك کەلە دەرەوە کاری پێدەکرێت‌و ئەجولێنرێت. بەڕای خاتوو سۆزان لانچەر قولترین‌و پڕماناترین گوزارشت گوزارشتی پرۆسەیەکی هونەرییە، چونکە لەبێدەنگترین شوێنەکانی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت‌و دوورە لەزۆر ئەتەکییەت، کەئەو شێوە ئەتەکییاتانە لەسیستمی زماندا دەبێت ڕەچاو بکرێت، ئەمە سەرباری ئەوەی هەندێ حاڵەت هەیە کەزمان بۆی گوزارشت ناکرێت. بەپێچەوانەی ئەمەوە پرۆسە هونەرییەکان دەتوانن ئەو شتانەمان پێبڵێن کەلە زماندا نەمانگەیاندون بەدەرەوەی خۆمان. ئەوەی کارەکە ئاڵۆزدەکا ئەوەیە کەئێمە ڕاهاتووین لەسەر تێگەیشتن لەگوزارشتە زمانەوانیەکان، بۆیە بەلامانەوە کارێکی گرانە بتوانین لەگوزارشتە هونەرییەکان تێبگەین. هۆکاری یەکەمی ئەم حاڵەتەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ماناکان لەفەزای هونەردا زۆر فراوانترو جیاوازترن لەدنیای ماناکان لەسیستمی زماندا. ڕەنگ بێت کەسێتی مۆزیك ژەنێك جیاواز بێت لەکەسێتی هەمان مۆزیکژەن لەقسەکانیدا، ئەم حاڵەتە سەبارەت بەگۆرانی بێژیش هەر ڕاستە، زۆرێك لەگۆرانی بێژەکان زۆر سەرکەوتون لەگەیاندنی پەیامی ڕاستەقینەی گۆرانیەکانیان

بەڵام هیچ سەرکەوتونین لەگەیاندنی پەیامی ناوەوەی قسەکانیان، چونکە لەهەموو حاڵەتەکاندا چوارچێوەی زمان چوارچێوەیەکی زۆر دیاریکراوە، دەکرێ گۆرانی بێژێك بەیارمەتی مۆزیك‌و ئاوازێکی دیاریکراو بتوانێت بەشێوەیەکی زۆر تراژیدی کارەساتی گەلەکەیت بۆ باس بکاو دنیایەکت بۆ بخولقێنێت تەواو بەهەستەکانی خۆی بتوانێت داگیرت بکا لەو دنیایەدا. بەڵام لەقسەکانیدا هێندە تێپەڕ ناکات کەجیاواز بێت لەهەر کەسێکی تر. هەموومان زۆر بەئاسانی دەتوانین قسەکانی یەکتر دووبارە بکەینەوە دەربارەی حاڵەتێکی دیاریکراو، تراژیدی بێت یاخود خۆشی‌و شادی، بەڵام لەپرۆسە هونەرییەکاندا حاڵەتەکان زۆر جیاوازن. ئەوەی تۆ دەتوانیت گوزارشتی لێبکەیت زۆر جیاوازە لەوەی کەسێکی دی گوزارشتی لێدەکا. من بۆ کارەساتی هەڵەبجە دەتوانم هەر ئەوەندە بڵێم کەوتراوەو بیستراوە، ساڵێکی دیش هەرئەوەندە زیاتر ناڵێمەوە، ئەوەی من دەیڵێم دەرهەق بەو کارەساتە، زۆرێکی دیکەش ووتویانە یادەکرێ بتوانن وەکو من بیڵێن. بەشێوەیەکی گشتی من‌و فلان‌و فیسار دەرهەق بەکارەساتەکە تاڕادەیەکی زۆر لێکەوە نزیکن لەدەربڕینی وشەو گوزارشتەکانمان، بەڵام بەشێوەیەکی دی گەر بمەوێت پارچەیەك ئاواز بۆ ئەو کارەساتە بچڕم زۆر

جیاواز دەبێت لەهی یەكێكی دی كەمەبەستی بێت پارچەیەك ئاواز بۆهەمان تراژیدیا بچڕێت. ئەوەی من لەو ئاوازەدا بەگوێگرەكانی دەڵێم تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو لەهی كەسێكی تر ناچێت. دەكرێ بڵێین لەم حاڵەتەدا من زۆر زیاتر كەسێتی خۆم شیئەكەمەوە لەوەی لەزمانی قسەكردندا ئەو كارەم بۆ بكرێت. تەنانەت بۆ ئەوەی بتوانم باشترینو جوانترین گوزارشت لەتراژیدیایی هەڵبجە بكەم بەقسە دەبێت پەنابەمە بەر زۆرترین قسەكردن كەكاتێكی نائاسایی پێویستە بۆ ئەوەی خەڵكی بتوانن گوێم بۆ ڕاگرن، ئەمە لەكاتێكدایە دەشێ پارچە ئاوازێكی كورت بتوانێت ئەو كارەم بۆ بكا لەماوەیەكی كەمو دیاركراودا. كەواتە گوزارشتی هونەری قوڵەو كاریگەرتر دەتوانێت كاریگەری خۆی بەجێبهێڵێتو بشتوانێت بەشێوەیەكی فراوانتر تەعبیر لەخۆی بكا ئەمە لەكاتێكدایە كەسیستمی زمان كەمتر ئەو كارەی پێ دەكرێت.

هونەر كە گوزارشت لەكەسێتی دەكا...

بۆ ئەوەی زیاتر لەزمانی هونەر تێبگەین، بۆ ئەوەی گوزارشتە هونەرییەكان ڕوونتر بن لەلامان، بۆ ئەوەی گوزارشتی هونەری لەچوارچێوەكانی خۆیدا پەنگ نەخواتەوە، دەبێت لەو حاڵەتانە تێبگەین كەهونەری تیا لەدایك دەبێت. دەبێت ئەو فەزایەمان بۆ بخوێنرێتەوە كەهونەر تیایدا خۆی دروست دەكا، هەڵبەت ئەو حاڵەتەش دیدی ناوەوەی مرۆڤو ئەوشتەیە كەئێمە بەدەروون یاخود ڕۆح یاخود حاڵەتە ڕۆحیو دەروونیەكان ناویان دەبەین.

وەك ووتمان هونەر گوزارشت لەمرۆڤو ناوەوەی مرۆڤ دەكا، زمانێكە بۆ گەیاندنی ئەوەی لەناوەوەی مرۆڤ دایەو ئێمە هەستی پێ ناكەین. ڕوئیا شاراوەكانی تۆ.. خەونەكانی تۆ.. لەكوێ تۆدان؟ چۆنن؟ بەچی گوزارشت لەخۆیان دەكەن؟ چییان پێیە بۆ گوزارشتكردن لەخۆیان؟ هەڵبەت بەرلەوەی هەوڵ بدەم وەلامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە دەبێت ئاماژەیەكی خێرا بدەم بەوەی كەزانستی دەروونناسی كەبە سایكۆلۆژیا ناسراوە، تاكە ڕەهەند نیە بۆ تەفسیرو شرۆڤەكردنی ئەوەی هەیە لەناوەندی مرۆڤدا، واتە من بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەدا نیم كەسایكۆلۆژیا بكەمە تاكە زانست بۆ ڕاڤەو شرۆڤەی ڕووداوو حاڵەتە جیاجیاكانی نێو مرۆڤ. بەلام گومانیشم لەوە نیە كەسایكۆلۆژیا بەشێكی باشی ئەوكارەی پێدەكرێتو توانای هەیە بۆ ئەوەی چەند لایەنێكی دیاریكراو شیبكاتەوە، بەبێ ئەوەی سنوری زانستەكانی دیكە تێپەڕێنێت.

هونەر بەشێوەیەكی گشتی گوزارشتە لەزەینی كەسێكو دووان خێزانێكو دووان، شارێكو دووان.

هەموو پرۆسەیەکی هونەری لەکەسێکەوە، وێنەی ئەو کەسەشە، وێنەی زەین‌و روئیاو بیرکردنەوەکانێتی. ئەفلاتون لەوەدا چاك پێکاوێتی کەدەڵێت"پێم بڵێ گوێ لەچی دەگرێت؟ پێم بڵێ تۆ کێیت؟" مەبەستی ئەفلاتون لە"گوێگرتن" لەهونەری مۆزیك بووە بەتایبەتی، جائەگەر گوێگرتن لەمۆزیك ڕەنگدانەوەی کەسێتی مرۆڤ بێت، ئەی دەبێت ژەنینی گوزارشت بێت لەچی؟! ئەگەر گوێگرتن لەپارچەیەك سەمفۆنیا گوزارشت بێت لەناوەوەی تۆ؟ ئەی دەبێت مومارەسەکردنی هونەر بۆ خۆی گوزارشت بێت لەچی؟

ڕەنگە تائێرە کەسمان ناکۆك نەبین لەسەر ئەوەی کەهونەر زمانێکیترە بۆ گوزارشتکردن، کەسیشمان لەسەر ئەو خاڵە ناکۆك نەبین کەهونەری هەر میللەتێك تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو گوزارشتە لەتەواوی لایەنەکانی ئەو کلتورە. ئەمانە کەم تازۆر هەریەکێك لەئێمە دەیزانێت‌و دەرکی پێ کردووە. بەڵام خاڵی جیاوازو سەرەکی لێرەدا کۆدەبێتەوە، واتە لەو شوێنەی کەئاخۆ هەموو جۆرە ژەنین‌و هەموو جۆرە گۆرانیەك‌و ئەوانی دیکەش، هونەرن‌و بەمومارەسەی هونەری دەژمێردرێن؟؟ ئاخۆ بەهەموو جۆرە شعرێك شیاوە بگوترێت"شعر"؟ ئاخۆ هونەری داڕشتنی ووشەکان کەدواجار شعرو ڕۆمان‌و چیرۆکی لێ دروست دەبێت، گونجاوە لەهەموو سات‌و کاتێکا ئامادەبن؟ خۆ گەر بەهەموو جۆرە گۆرانی‌و شعرو مۆزیکێکمان ووت مومارەسەی هونەری‌و لەحزەی گوزارشتکردن لەناوەوەو جیهانبینی خاوەنەکانیان، ئەوا بێگومان قورسترین پلارمان داوە لەهونەر خۆی.

جارێ بالەسەر ئەو خاڵە کۆك بین کەهونەر بەشێوەیەك لەشێوەکانی خۆی مومارەسەیەکی ڕەخنەییە بەشێوەیەکی دیش هونەر سیستمێکی دییە بۆ بنیاتنانەوەو دروستکردنەوە. ئەوەی لەسیستمی زماندا دروست ناکرێت‌و گوزارشت نابێت لەمومارەسەی هونەریدا خۆی دروست دەکا، کەواتە ئەوە زۆر گونجاوە کەهەموو لایەکمان لەسەری کۆك بین، ئەویش ڕەخنەی بوونی هونەرە لەمومارەسەدا.

هونەر بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی گوزارشت بکا، هەوڵی بەرهەم هێنانی وێنە دەدا، هونەر خاڵێکی نیە بۆ چەقبەستن، چونکە بەچەقبەستنی وێنەکانی ناوەوە دەوەستن، هونەر لەپرۆسەی جەوهەری خۆی دەکەوێت، گرنگی ئەو وێنانە ئەوەنین کەلەخۆیانەوە لەحزەو وێنەی هونەریین. بەڵکو لەوەدایە کەزەینی بەرهەمهێنەری ئەو لەحزەیە، زەینێکی قوڵ‌و پڕ جموجۆڵە، زەینی کەسێکە لەپشت هەموو ڕووداوەکانەوە مەعریفەیەك بەرهەم دەهێنێت. زەینی کەسێکە هەمیشە ڕووداوەکان لەلای دەبنە پرسیارو دەبنە سەرنج. ئەو لەحزەیەی

بەسەر كەسێكدا تێپەڕ دەبێتو نابێتە جێی هیچ جۆرە پرسیارو سەرنجێك، لەحزەیەكی مردووە، لەحزەیەكە هیچ جۆرە مەعریفەیەكی تیا نیە، ئەمە لەكاتێكدایە ئیشكال لەخودی ساتەوەختەكەدا نیە، بەڵكو لەزەینی كەسەكەدایە. پرۆسە هونەرییەكان لەو زەینو سروشتانەوە سەرچاوەدەگرن كەپڕن لەجموجۆڵو پرسیارو وەڵام. هیچ زەینو سروشتێكی نائەكتیڤ، ناتونێت پرۆسەی هونەری بەرهەم بهێنێت. هونەری سەركەوتوو و هونەری مەزن لەزەینی پڕ جموجۆڵو ئەكتیڤەوە سەرچاوە دەگرێت. كارێكی زۆر تەقلیدیو بێ مانایە بەهەموو كەسێك بووترێت هونەرمەند، یاخود بەهەموو كارێكی هونەری بوترێت هونەر! گومانم لەوەنیە كەتوێژاڵی دەرەوەی هەندێك كار لەهونەر دەچێت، بەڵام كاتێك دێینە سەر ناوەوەی ئەو كارە، شتێك شك نابەین ناوی لێبنێین هونەرو مومارەسەی هونەری. ئەم حاڵەتەش پەیوەندی بەو كەسەوە هەیە كەهەڵدەستێت بە بەرهەمهێنانی كردەیەكی هونەری. ڕاستە بەشێوەیەك لەشێوەكان هونەر گەمەكردنە، بەڵام ڕۆڵی سەرەكی هونەر لەزەت بەخشین نیە، بەڵكو گوزارشتكردنە بەسیستمێكی دیكەی گوزارشتكردن، یاخود كەناڵێكیترە بۆ وێناكردن. پێشتر ئاماژەم كرد بۆ ئەوەی كەپیشەی دارتاشی هونەر نیە، بەقەد ئەوەندەی پیشەكە بۆ ئەوەی بژێوی ژیان دابینكات، بەڵام لەتەك ئەمەشدا لەدارتاشیدا هونەرێك ئامادەیە كەكەم تازۆر زەینی كەسی دارتاشمان پیشان دەدا، پێمان دەڵێت كەكەسی دارتاش لەچ جۆرە سروشتو چ جۆرە ئەقڵیەتێكە... ئەم پێووتنو گەیاندنە كەناڵێكی تری گوزارشتە لەو دارتاشە، میكانزمێكی ترە بۆ گەیاندنی وێنەكانی ناوەوەی كەسێكی دارتاش.

دنیابینی خەڵكی بۆ كەسێكی دارتاش چۆنە؟ بێشك كەخەڵكی پێی وایە كەسێكی ئاسایی ناو كۆمەڵگایە، بەڵام هەر كۆمەڵگا خۆشییەتی كەڕۆڵی دارتاشێك هەر بەدارتاشی دەهێڵێتەوە، نهێنی ئەمەش لەوەدایە كەكەسێكی ترنیە بتوانێت هەستێت بەدارتاشیكردن، جگەلە خودی دارتاشێك خۆی نەبێت. بەواتایەكیتر زەینی دارتاشە دەتوانێت كورسییەك دروست بكا، مەسەلەكە هەر وا شتێكی سادەو ئاسایی نیە، چونكە لەهەر یەكێك لەو پیشانەدا نهێنیەك هەیە كەتەنیا ئەوانە دەتوانن مەغزاكانی كەشف بكەن، كەخۆیان پێوە سەرقاڵ كردووە، وەك ئەوەی دارتاشێك تەنیا خۆی دەزانێت مومارەسەی هونەر بكا لەپیشەكەی خۆیدا. بەمانایەكی تر ئەوە شێوەیەكە لەشێوەكانی گوزارشتكردن كاتێك لەناو گۆمەڵگادا پیشەكان بەشێوەی جیاجیا دابەش دەبن بۆ چەند كایەیەكی جیاجیا، دارتاش بەپیشەی خۆیو ئاسنگەر بەپیشەی خۆیو سەرباز

بەپیشەی خۆیو هتد، نهێنیەکەش هەرلەوەدایە کەنهێنی هونەری پیشەیەك لەزەینی ئەو کەسەدایە کەدەتوانێت خۆی بۆ تەرخان بکا. کەسێکی خاوەن هێزو بازوویەکی پتەو سەرقاڵی ئەو کارو پیشەیە دەبێت کەپڕن لەبەکارهێنانی بازوو، کەسێکی زیرەكو ووریا سەرقاڵی پیشەیەك دەبێت کەئەقڵ کەرەستەی یەکەمە لەهەڵسوڕاندنیدا. کەواتە هەروا شتێکی ئاسایی نیە کاتێك دەوترێت، هونەری سەربازی، هونەری پزیشکی، هونەری دارتاشیو...هتد.

ڕۆڵی هونەر لەهەریەکێك لەو پیشانەدا ڕۆڵێکی سەرەکیو جەوهەرییە، ڕەنگ بێت داینەمۆی سەرەکی جوڵاندنی کەسێتی کەسەکان لەپرۆسە هونەرییەکاندا خۆی بەرجەستە بکا. لەمەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کەسایکۆلۆژیاو هونەر دووکایەی نزیك بەیەکن. هونەر ئەو فەزایەیە کەسایکۆلۆژیای کەسێتی مرۆڤ خۆی تیا نمایش دەکاو دواجار خۆی تیا بەرجەستە دەکا. دارتاش لەپیشەکەیدا ڕۆڵێك دەدا بەکەسێتی خۆی، ئەمە بۆ هەموو حاڵەتەکانی تریش ڕاستە. دواجار ئەو هەقیقەتە دەبێت لای هەموومان ئاشکرا بێت کە هونەر کایەیەکی تایبەتی داخراو نیەو لەشوێنێکی زۆر تەسکی دیاریکراودا پەنگ بخواتەوە. هونەر لەهەموو شوێنو جێگەیەکدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێتو لەهەموو سوچو کەلێنێکدا دەبێتە فەزایەکی لەبار بۆ ئەوەی کەسەکان بەچەندەها شێوەی جیاجیا خۆیان تیا گوزارشت بکەن.

* * *

کەهونەر دەبێتە چالاکیەکی زیندوی مرۆڤانە، چیتر فەزایەك لەچالاکیو دنیایەك لەخرۆشان دەخولقێنێت، ئەمە تەنیا لەئاستە هونەرییەکەیدا نا، بەڵکو لەتەواوی ئاستە جیاجیاکاندا، لەپیشەو قسەو نوسینو تەواوی بوارە جیاجیاکاندا. کەهونەر دەبێتە کەناڵێکی دی بۆ گوزارشتکردن، دەبێتە پەنجەرەیەکی تر بۆ بینینی ئەوەی لەدەرەوەی مرۆڤ هەیە، یاخود ئەوەی بەپێچەوانەوە لەناو مرۆڤ دایە، ئیتر بەشێوەیەکی سروشتی هونەر خۆی بۆ خۆی دەبێتە چالاکییەکی مرۆڤانەی ئەکتیڤو سیستمێکی تر بۆ گوزارشتکردن. قاڵبوونو قوڵبوونەوە لەم فەزایەدا هێندەی تر پرۆسەکە بەرەو ئاقارێکی ئینسانی تر دەبات. ئەوەی هەست بەو هونەرە گرنگە بکات کەلە پیشەکەیدا هەیە، توانایەکی سەیری بۆ دروست دەبێت دەرهەق بەداهێنان.

کۆمەڵگایەك نە لەخۆیەوە دێتە بەرهەمو نەبەرهەمهێنانیشی کارێکی هەروا ئاسانە. بنەمای ئەم کارە لەپێگەیاندنی تاکەکانەوە دەست پێ دەکا، پێگەیاندنی تاکێکی لەو جۆرە، واتە تاکێك لەتوانایدا بێت جگەلە سیستمی زمان، چەندەها کەناڵی تری هەبێت بۆ گوزارشتکردن لەناوەوەی خۆی، تاکێك بتوانێت سەلیقەی خۆی لەپرۆسە هونەرییەکانیداو لەپیشە جیاوازەکانیدا دەربخاتو هەر جارەش شتێکی نوێ بخاتە ڕوو. تاکێك، بەئەستەم لەبەردەم ڕووداو مەسەلەیەکدا

دەستەوەستان بێتو توانای گوزارشتی نەمێنێت، ئەم تاكە توانایەكی باشی بۆ پیشاندانی ڕۆحی خۆی هەیە، هیچ پرۆسەیەكی هونەری مەزن شتێكمان پێناڵێت كەنیە، بەڵكو هەرئەوەمان پێدەڵێن كەهەیە، پەیكەرتاشێك لەپەیكەرەكەیدا، شانۆ نوسێك لەنمایشەكەیدا، ڕۆمان نوسێك لەڕۆمانەكەیدا، شاعیرێك لەشعرەكەیداو دواجار ئەمانەو هەموو ئەوانی دیكەش ئەوە بەئێمە ناڵێن كەهەر هیچ بوونی نیە، بەپێچەوانەوە ئەوە بەئێمە دەڵێن كەهەیە، بەڵام ئەو شتەیەكە چاوەكانی ئێمە نەیبینیوەو هەستمان پێ نەكردووە، هەست نەكردنیشمان لەوێوەیە كەتواناكانی گوزارشتكردنمان لاوازەو تەنیا شتێك بۆ ئەوەی هەستی پێ بكەین زمانی ئاسایی قسەكردنی ڕۆژانەمانە. ئەمەش خۆی بەخۆی گەورەترین كارەساتە! كارەساتە لەوەدا كەنەتوانین جگەلە زمانی ئاسایی قسەكردن لەهیچ جۆرە دەربڕینێكی تر تێبگەین، ئەمە بۆ وەرگر پێچەوانەی بكەیتەوە كارەساتێكی تر ئەخولقێنێت، واتە نەتوانی لەزمانی ئاسایی قسەكردن زیاتر لەگوزارشت بگەیت! هەڵبەت مەبەستیشم لەزمانی ئاسایی قسەكردن ئەو شتەیە كەهەمووومان دەتوانین لێیتێبگەین. بەمانایەكی تر، زمانی ئاسایی قسەكردن دوو ڕەهەندی ئاشكرای هەیە، یەكەمیان خودی زمانی ئاسایی قسەكردنە، ئەویتریان ئەو شتەیە كەهەمووومان بەئاسانی دەتوانین لێیتێبگەین. بەمانایەكی جیاواز، هەرشتێك

بەئاسانی توانرا هەمووكەس لێیتێبگا، دەبێتە زمانی ئاسایی قسەكردن. هەڵبەت ئەم جۆرە زمانە پێویستی بەهیچ جۆرە توانایەك نیە بۆ تێگەیشتنی...ئەوشتەی هەموومان توانیمان لێی تێبگەین، ئیتر بەشێوەیەكی سروشتی دەبێتە زمانی ئاسایی قسەكردنی نێوانمان، لەم كاتەدا ناسینەكانمان بۆ یەكتر ناسینێكی قوڵو جەهەری نیە، ئەوەندە ناسینێكی توێكڵییە، واتە لەئاستی توێكڵ دایە. لێرەوە زمانی ئاسایی قسەكردنو لێكتێگەیشتن ناتوانرێ بەزمانێكی هونەری قووڵو پڕ مەغزا دابنرێت، واتە ناكرێت ببێتە پرۆسەیەكی هونەری، ئەوەندەی دەبێت وەكو پرۆسەیەكی میكانیكی بۆ بەڕێوەچوونی كاروباری ڕۆژانە، واتە پرۆسەیەك بۆ حاڵیبوون لەو شتانەی دێنو دەچنو دواجار دەكرێ وەك حاڵەتێكی غەریزی لێیتێبگەین. ئەم زمانە لەبەرئەوەی پێویستی بەهونەری دەربڕینو هونەری تێگەیشتن نیە، دوورە لەوەی خاوەن مەغزاو لایەنە نادیارەكانی دەربڕین بێت. ئەم زمانە تەنیا دەتوانێت ئەوە دەربخا كەهەمووان هەستمان پێكردووە. ئەم سیستمی لێك گەیشتنە، چەندەها لایەن هەیە بەشاراوەی دەهێڵێتەوەو بۆمانی دەرناخا، چونكە ناتوانێت خۆی بەسەر لایەنە شاراوەكاندا بسەپێنێتو داگیریان بكا. هەر لەبەر ئەمەشە كەناتوانێت پشت بەم سیستمە ببەسترێت بۆ تێگەیشتن لەمەغزای شتەكان. هونەر لێرەوە دەخولقێتو سەرهەڵدەدا،

هونەر بۆئەوە دەخولقێت کەزیاتر لەوەی گوزارشتکراوە پێشکەش بکا، هونەر لەبەرئەوە سەرهەڵدەدا کەمرۆڤ زیاتر ئاواڵا بکات بەڕووی دەرەوەی خۆیدا، بەتەعبیرێکی تریش هەق وایە بڵێین مرۆڤ بۆیە پەنادەباتە بەر هونەر بۆ ئەوەی زیاتر بەڕووی دنیادا بکرێتەوەو خۆی بسەپێنێت. ئەمە جگەلەوەی مرۆڤ لەڕێی هونەرەوە دەیەوێت زیاتر لەمەغزاکانی خۆیو دەرەوەی خۆی تێبگا، تێگەیشتنیش لەمەغزاکان بەسیستمی زمانی ئاسایی نابێت. واتە بۆ ئەوەی لەخۆمان تێبگەین پێویستمان بەقسەی ئاسایی ڕۆژانە نیە، بەڵکو پێویستمان بەهونەری گوزارشتکردنی زیاترو سیستمی گوزارشتی زیاتر هەیە. ئەگەر نا پرۆسەی تێگەیشتمان لەیەکتر تەنیا لەئاستە ڕۆژانەییەکەدا دەبێت، ئەمەش پرۆسەیەکی ئاڵۆز نیەو دەتوانرێت بێ هیچ گرفتێك بەڕێوە بچێ. لەم ئاستەشدا نەتاکەکان ئەکتیڤنو نەگروپو نەگۆمەڵگا، نائەکتیڤ بوونیشیان پەیوەندی بەوەوە هەیە کەڕاستەوخۆ لەیەکتر تێئەگەن لەڕێی زمانی ئاسایی ڕۆژانەیانەوە، بەڵام ئەوان تەنیا ئەوەندە یەکتر دەناسنو ئەوەندە لەیەکتر تێئەگەن کەزمانی قسەکردن ڕێی پێداون، یاخود لەسەر ئاستی گوزارشتەکانی زمانی قسەکردن توانای خوێندنەوەی یەکتریان هەیە. لایەنێکی تری کێشەکەش لەوەدایە ئەگەر ئەم حاڵەتە خۆی بگوازێتەوە بۆ نێو پرۆسە هونەرییەکان، پرۆسەی ئەکتیڤ بوون تەواو تووشی ئیفلیجی دەبێت. مەبەستیشم لەوەیەکە ئەگەر پرۆسە هونەرییەکان تەنیا توانیان بەسیستمی زمانی گشتی لەیەکتر بگەن، ئەوا ئەو جەوهەرە لەدەست دەدەن کەهونەر لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە. قسەکانی پێشوترمان ئەوەبوو کەهونەر سیستمێکی ترە بۆ گوزارشتکردن لەدیارو نادیارەکانی مرۆڤ، هەروەك چۆن کەناڵێکی ترە بۆ تێگەیشتن لەدیارو نادیارەکانی دەرەوەی مرۆڤ، واتە تێگەیشتن لەدیارو نادیارەکانی سروشت. ئەمە لەکاتێکدایە زمانی گشتی ئەم حاڵەتەی تێنەپەڕاندووەو ئەو تەنیا تویژاڵی دەرەوەی شتەکانمان پیشان دەدا. هونەر بۆ ئەوە دەخولقێت کەئەم حاڵەتە تێپەڕێنێتو لەکرۆکی هەمان ئەوشتانە تێبگا، بۆ ئەم مەبەستە هونەر جۆرەها کەناڵی جیاجیا بەکاردەهێنێت، لەناوەرۆکیشدا یەك پەیامی پێیە کە کەشفکردنو دۆزینەوەی نادیارەکانی ئینسانە. بۆئەوەی ڕوونتر خوێنەر تێبگەیەنم لەوەی هونەر بەم شێوەیە دەبێتە ئەرکێکی قورسو سەخت لەپێناو دۆزینەوەی نەدۆزراوەکاندا، یاخود نەبینراوەکاندا. بەمانایەکی زۆر قوڵتر، هونەر ئەرکێکی تەواو ئەخلاقییە، مەبەستیشم لەئەخلاقی بوونی ئەوەیە کەلەنێو خۆیدا هەڵگیری کۆمەڵێك بەهاو قییەمە. دیوێکی تری مەسەلەکان ئەوەیە کەهونەر تەواو پرۆسەیەکی هۆشدارانەیە، چونکە کەشفکردنو دۆزینەوەی نەزانراوەکانە، بەسیستمێکی هۆشیارانەی جیاواز. کێشەیەکی زۆر گەورەیە گەر هونەر لەناوەرۆکیدا

پێك نەیەت لەپرۆسەیەكی هۆشیاری بۆ زانینو كەشفكردن، یاخود پرۆسەیەك نەبێت بۆ ئەقلانیكردنی نەزانراوەكان، ئەمە لەكاتێكدایە كەئەقڵ بەمانای هۆشیار بوونەوە دێت لەوەی كەنەزانراوەو نەدیتراوە. هۆش لەم ئاستەدا بینینی ئەوی تر نیە ئەوەندەی دەركپێكردنی ئەوی ترە، یاخود هەستپێكردنی ئەوی ترە، ئەمانەش هەمووی لەڕێی هۆشەوە ئەنجام دەدرێن. بەڵام سەرەنجام ئەوەی نەزانراو دەدۆزێتەوە كەشف دەكرێت، هەڵبەت ئەمە سەبارەت بە(وەرگر)وەهایە، بۆ كەسی دەربڕ پرۆسەكە شكڵێكی تر وەردەگرێت، ئەویش دۆزینەوەو كەشفكردنی ئەوی دیكەی ناوخۆیەتی كەبەشێوەیەكی تر هەر خۆیەتی، واتە ئەوە هەر خۆیەتی جارێكی تر خۆی كەشف دەكاو خۆی دەدۆزێتەوە لەڕێی خۆیەوە، بەڵام بەسیستمێكی تری دۆزینەوەو كەشفكردن. هەر هونەرێكو پرۆسەیەكی هونەری گەر لەجەوهەریدا بریتی نەبوو لەم حاڵەتە، واتە حاڵەتی كەشفكردنو دۆزینەوەی ئەوێكی تر لەخۆیدا یاخود لەدەرەوەی خۆی، پرۆسەیەكی هونەری نیەو ناو لێنانیشی بەهونەر گەورەترین تاوانو هەڵەیە.

لام وایە ئەو هونەرەی چووە دەرەوەی ئەم حاڵەتەو نەیتوانی ئەوێكی تر بەرهەم بهێنێت، نەیتوانی وێنەیەك بدا بەئەوێكی تر، چیدی نەیتوانیوە لەسیستمی گشتی قسەكردن دەربچێتو بەمەش ئەو هەقە نادات بەخۆی بەهونەر ناوی بەرین. هونەر كەهەوڵیدا ئەویتر كەشف بكاو بیدۆزێتەوە، كاردەكا بۆ ئەوەی لەسیستمی گشتی قسەكردن بترازێتو بەشێوەیەكی دی كار بۆ بەدیهێنانی ئامانجی خۆی دەكا. ئەو هونەرەی تەنیا شتەكانی رۆژانە بەئێمە دەڵێتەوەو بەشێوەیەكی فریودەرانە پێمانی دەفرۆشنەوە، جگەلە ژاوەژاوێكی سەمەرە هیچی ترنیە، گرفتێكی زۆر گەورەشە بەژاوەژاو بوترێت هونەرو پرۆسە هونەرییەكان. ئەكتیڤی هونەریش لەم ئاستەدا خۆی بەدیدەكا، ئاستی لادان ترازان لەووتراوەكانو زانراوەكانو بینراوەكان.

كاتێك نیچە دەڵێت"لەبەردا پەیكەرێك خەوتووە" مانایەكی پڕاوپڕمان دەداتێ دەربارەی ئەوەی كەنەزانراوێك لەهەموو بەردێكدا هەیە، یاخود نەبینراوێك لەهەموو بەردێكدا هەیە، هونەریش هەر ئەمەیە كەچۆن ئەو نەزانراوە لەو بەردەدا بدۆزینەوەو كەشفی بكەین. پەیكەری ناو بەردێك، مانای نەزانراوی ناو بەردێك یاخود نەبینراوی ناو بەردێك. ئەوەی ئەو نەبینراوو نەزانراوە كەشف دەكا، هێزێكی ئەكتیڤی ناوەوەی مرۆڤەو سیستمێكی تری دەربڕینی هێزەكانی ناوەوەی مرۆڤە. ئەوەی لەبەردا پەیكەرێك بەئاگا دەهێنێتەوەو ووشیاری دەكاتەوە، هێزێكی هۆشیاری دەركپێكەرە كەكەشفی نەزانراو نەووتراوەكان دەكا.

هونەری ڕاستەقینە بریتیە لەدۆزینەوەی پەیكەرێك لەناو بەردەكاندا. ئەو هونەرەی بەردێكی

بەخەبەر نەهێنایەوە لەناو بەردا، هەق نیە بەهونەر ناوی بەرین. چاكترینی هونەر ئەوەیە كەچاكترینی پەیكەر دەدۆزێتەوە لەنێو بەردەكاندا. ئەو دارتاشەی چاكترینو باشترین كورسی دروست نەكا لەپارچە تەختەكان، هەق نیە بەدارتاش ناوی بەرین. كەس هەیە گومان نەكا لەو دارتاشەی باشترین جۆری كورسی دروست نەكا؟ ئایا هەموو كەس هەق دەدا بەخۆی دەست بداتە پیشەی كورسی دروستكردن؟ خۆ گەر ئەمەش روویدا، كەسێك لەنێو هەموویان زیاتر هەوڵی ئەوە نادا كەبەرهەمەكەی لەهەموو ئەوانی دیكە باشتر بێت؟ كامە لەهەموویان زیاتر هۆشیارترە بەپیشەكەیو شێوازی پیشەكەی؟ ئایا گومان لەوە ناكرێ زۆرێك لەوانەی كورسی دروست دەكەن تەنیا مەبەستیان ئەوەیە قازانجێكی ماددی بكەن لەبەرامبەریدا؟ ئایا ئەم جۆرە كەسانە دەتوانن ئەو پەیكەرە بدۆزنەوە كەلە بەردەكەدا خەوتووە؟!

لەڕاستیدا هەق وایە ئەوە بڵێین كەزۆرینەی ئەو شتانەی بەپرۆسەی هونەری ناویان دەبەین هیچ نین جگەلە ژاوەژاوێك، چونكە خاوەنی ئەو ڕەگەزو بنەمایانە نین كەهونەری پێدەبێتە هونەر، دواجاریش ئەو ئەركە ئەخلاقیەی پێ جێبەجێناكرێت كەپێویستە هەموو پرۆسەیەكی هونەری جێبەجێی بكا.

* * *

هونەر لەسروشتی خۆیدا پڕاوپڕە لەگەیشتن بەدۆزینەو كەشفكردنی ئەوی تر، هیچ هونەرێك بەبێ كەشفكردنی ئەویترو دۆزینەوەی نەوتراو نەزانراوەكان نابێتە هونەری ڕاستەقینەو ئەو ئەركە جێبەجێناكات كەپێیدراوە. هەموو پرۆسەیەكی هونەری ئەو ڕاستیە لەخۆیدا دەسەلمێنێت كەبەبێ سەلماندنی نەزانراوێك شایستە بەوە نیە پێی بوترێت هونەر. ئەو ووشەو دێڕە شعرانەی ئەوە نەڵێن كەئێمە نەمانووتووە، هیچیان نەكردووە جگەلە ژاوەژاوێك، شاعر بەوەدا ناناسرێتەوە كەووشەكان بەدوای یەكتردا ڕێزدەكا، بەوەشدا ناناسرێتەوە كەدیوان لەسەر دیوان بەچاپی بگەیەنێت. ئەوە تراژیدیای مەرگی شعرە كەقسەكانی ڕۆژانەمان بەشێوەیەكی ئەدەبی ڕێك بخەینو ریزیان بكەین. چی لەوە تراژیدی ترە بەقسەكانی ڕۆژانەمان بووترێت شعر! چی لەوە سامناكترە شعر ببێتە مۆدێل! چی لەوەش بەدبەختی ترە بەكەسە نالێهاتووەكان بووترێت شاعر! ئاخر خۆ شعر تەنیا ڕیزكردنی ووشە نیە بەدوای یەكدا. كەسانێك هەن ئەمڕۆ فێربوون بۆ ئەوەی شعرەكانیان جیابكەنەوە لەوانی ترو جۆرێك لەتایبەتمەندی ببەخشنە شعرەكانیان، هەرچی وێنەكان هەیە لێمانی هەڵدەگێرنەوە..بەفر گەرمە....! دەریا توونیوێتی....! خۆر سەرمایەتی....!و چەندەها شتی لەم جۆرە، كەلە ناواخنیدا هیچ نین جگەلە یاریكردن بەووشە نەبێت.

ئەم جۆرە گەمەكردنانە بەووشە، دواجار گاڵتەكردنیشە بەهزرو بێ سەرو بەرەبییەكی تەواوە. چونكە لەقوڵایی خۆیاندا شتێكمان پێ نادەن وێنەی

زەینو ڕوئیای ئەو کەسانە بێت کە بەم گەمەکردنانە هەڵدەستن. ئەم جۆرە کردەوانە کەدواجار ناوی شعریان لیٚ دەنرێت، دەرەنجامی لاوازی خاوەنەکانیانە کەناتوانن کەناڵێکی تر بۆ گوزارشتکردن بدۆزنەوە.

ئەو حاڵەتەی ئەمڕۆ هونەری تێکەوتووە، یاخود ڕاستر وایە بووترێ ئەو شتەی ئەمڕۆ ناو ئەبرێت بە هونەر، بەشێوەیەکی گشتی هەوڵێك نیە بۆ گوزارشتکردن، بەڵکو جۆرە مۆدێلێکە لەئیشکردن لەجوگرافیایەکی دیاریکراودا. بەنموونە ئەگەر شعرو گۆرانی وەربگرین. جگەلە یەك دوو شاعرو یەك دوو شعری جیاجیا نەبێت، ئەوا ئەوانی تر هیچی تەعبیر نین لەزەینە جیاجیاکان، بەڵکو تەعبیرن لەشێوە مۆدێلێك کەزیاتر لەتەقسێك دەچێت. نەك لەگوزارشت کراوێك کەخاوەنەکەی شعری کردبێتە کەناڵێك بۆ دەربڕینی. ئەو جۆرە شتانەی کەناو دەبرێن بەشعر هەڵگری مەغزایەکی قوڵ نین، بەڵکو خولقێنراون بەو تەوژمەوە کەبە تەوژمی شعری نویٚ ناو دەبرێت. گرفتێك کەئەم تەوژمە لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرێت ئەوەیە کەبناغەی کەسێتیەکان تێك دەشکێنێتو کەسەکان ناچار دەکا بەوەی ملکەچی سیستمو ڕیتمەکانی ئەم تەوژمە بن. ئەم تەوژمە لەبەرئەوە باکگراوەندی بازاڕو بوارە جیاجیاکانی تری وەکو تەکنەلۆژییاو پڕوپاگەندەی بازاڕی بەسەرەوەیە. ڕۆڵێکی نەگەتیڤ دەگێرێت. بەواتایەکی تر ئەم تەوژمی بازاڕی بوونە ڕۆڵی کەسەکان پەراوێز دەخاتو ڕۆڵێکی تر دەبەخشێت. مەغزای سەرەکی ئەم تەوژمە لەوێدا کۆدەبێتەوە کەبۆ ئەوەی تۆ هەبیتو بوونت هەبێت، دەبێت هەمیشە ملکەچی ئەم تەوژمە بیت. هەر بەنموونە گۆرانی بێژێك پێویستە لەسەری هەموو شەش مانگ جارێك ئەلبومێك دەربکاو بیخاتە بازاڕەوە، ئەگەرنا بەجێدەمێنێتو وون دەبێت!!.....خۆ ئەگەر ساڵی جارێك نەتوانێت ئەلبومێك لەگۆرانی بخاتە بازاڕەوە، بەگۆرانی بێژ ناژمێردرێت، سەرنج بدەن لەووشەی "ئەلبووم"! یاخود شاعرێك گەر لەئێستایدا دوو یان سیٚ دیوانی بەچاپ نەگەیاندبێت، ئەوا ئەستەمە پێی بووترێت شاعر!! یاخود لە بۆنەو ئاهەنگەکاندا دەبێت هەر هیچ نەبێت شعری خۆی هەبێت...ئەمە هەموو ساڵێکیش دووبارە دەبێتەوە!

لەڕاستیشدا ئەم شێوازە لەمومارەسەکرنی هونەری ملکەچی سیستمێکە کەلە دەرەوە حوکم دەکا، نەوەکو هەڵقوڵاوی ناوەوەی کەسەکە بێت. پێشتر باسمان لەوە کرد کەهونەر "ئیتر هەر جۆرێکە لەهونەر" تەعبیر لەزەینو دیدی کەسێك یاخود بەکۆ قسەبکەین، تەعبیرە لەکۆی زەینی کەسەکان. بەڵام کەتەوژمێك دێتو کەسێك ناچار دەکا، بەوەی تەعبیر لەخۆی بکا، ئیتر ئەوە مومارەسەکردنی هونەر نیە وەك ئەوەی لێیدواین، بەڵکو مومارەسەکردنی ئەو شتانەیە کەدەبنە پێکهاتەی ئەو جۆرە شتە کەپیٚی دەڵێن هونەر.

سیستمی مۆدێل سیستمێکی ئەکتیڤو چالاکە لەو ڕووەوە کەشتەکان بەخێرایو بەپەلە دەگۆڕێت، واتە مۆدێل لەوەدا سەرکەوتووە کەوێنەکان بەخێرای پیشان بداتو بیانگەیەنێت بەدەرەوەی خۆی. بەڵام هەندێك

جار ئەم سیستمە بۆ ئەوەی بەجێنەمێنێت، بۆ ئەوەی هەمیشە هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت مانەوە بەخۆی ببەخشێت، بەردەوام بەرهەم فرێ دەداتە دەرەوەی خۆی. واتە ئامانجی سەرەکی لەمومارەسەکردنی ئەم جۆرە هونەرە تەعبیر نیە لەزەینو ڕوئیا جیاجیاکان، بەڵکو بەخشینی ڕووخسارە بەدیوی دەرەوە. لەم جۆرە مومارەسەیەدا ئەوەندەی دەرەوە جێی گرنگیو بایەخە، ناوەوە مەبەستو ئامانج نیە، لەئەنجامیشدا دیدو ڕوئیاکانی ئێمە دەبنە دیدو ڕوئیایەکی تویژاڵیو دەرەکی. ئەم جۆرە مومارەسەیە پەروەردەیەك دەخولقێنێت کەڕۆح تیایدا دەمرێتو بەهاو نرخێکی ئەوتۆی بۆ نامێنێتەوە. ئەم جۆرە مومارەسەیە کەسانێك پەروەردە دەکەن کەلەبۆنەو ئاهەنگەکاندا شعر بنوسن! لەڕۆژەکانی جەژنو لەیادی کارەساتەکاندا گۆرانی بەرهەم بهێنن! یاخود بەدیوێکی تردا، ئەم پەروەردەیە زەینی کەسانێك بەشێوەیەك دروست دەکا کەهەمیشە بازاڕو قازانج بکەنە ئامانج! چیدی ڕۆڵی ئەم کەسانە ڕۆڵی خەڵکانێکی بازاڕیو بازرگان دەردەچێت. لەیادمان نەچێت کەئەم پەروەردەیە کاریگەرییەکی قووڵی مۆدێلو سیستمی مۆدێلی بەسەرەوەیە. ئەم پەروەردەیە لەمنداڵدانی ئەو خولیایەوە لەدایك بووە. حەزم دەکرد لەم باسەدا بەشێکی تێروتەسەلم بۆ قسەوباس لەسەر مۆدێل تەرخانبکردایە، چونکە مۆدێل زۆر ڕەهەندو زۆر ئاماژەی هەیەو دواجار مۆدێل ئەو قەیرانەیە کەمرۆڤ لەم چەرخەدا تێیکەوتووەو زۆر مەبەستێتی بەگەڕانەوە بۆ کۆمەڵێك شت لەم قەیرانە دەربچێت. مرۆڤ دەرك بەوە دەکا کە مومارەسەکردنی مۆدێل هیچ تەعبیر لەزەینو ڕوئیا فەردییەکانی ئەو ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو لەڕێی مۆدێلو مومارەسەکردنییەوە دەبێتە یەکێك لەوانی تر، دەبێتەوە بەگشتێك، ئەمەش لەو ڕووەوە ئازاری دەدا کەناتوانێت خۆی وەکو فەردێك پیشانی دەرەوە بدا. لەڕاستیدا خودی مومارەسەکردنی هونەر هەوڵدانە بۆ ئەوەی زەینو تەسەوەرە ناوەکییەکانی خۆت پیشانی دەرەوەی خۆتی بدەیت، یاخود گوزارشتیان لێبکرێت.

دواجار مۆدێل ئەوەندەی دابەشکردنی فۆرمێکە لەزەمەنێکی دیاریکراودا ئەوەندە تەعبیر نیە لەهیچ شتێکی تر، ئامانجیش لەمەدا کۆکردنەوەی کەسەکانە بۆ زیاتر لێکنزیك بوونەوە. یاخود بەمانایەکی تر مۆدێل هەوڵێکە بۆ بەتەکنیککردنی هەستو سۆزو شعورە ئینسانیەکان لەسیستمێکی یەکگرتوودا. ڕۆڵی ئینسان لێرەدا دەبێتە ڕۆڵێکی تەکنیکیو خێراو بەپەلە، ئەم دەورگێڕانەش دەورگێڕانێکی نەگەتیڤە، چونکە دواجار (خود) وون دەبێتو هەموو (خود)ەکان لەیەك خودی گەورەدا کۆدەبنەوە کەهەر ڕۆژەو فۆرمێك دەدا بەخۆی. لێرەش بەدواوە کەناڵەکانی گوزارشتکردن کۆدەکرێتەوە لەیەك کەناڵی گەورەدا، کەتەنیا ئەو بۆی هەیە گوزارشت بکاو تەعبیر لەخۆی بکا، ئەمەش جارێکی تر گەڕانەوەیە بۆ زمانی قسەکردنو کردنی ئەو کەناڵە بەتەنیا کەناڵ بۆ تەعبیر کردن.

بەهەر حاڵ ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەوەیە، کەهونەر دەبێتە مۆێل، چیتر ئەو بەهاو ناوەرۆکە لەدەست دەدا کەلەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە، چیتر نابێتە گوزارشت لەزەینو ڕوئیا، نابێتە گەیاندنی پەیامی ناوەوە بە دەرەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە مۆدێل کارێکتەرەکان لەناودەبا لەجێگەیاندا هەوڵی بەتەکنیك کردنی زەینو ڕۆحەکان دەدا، بۆئەوە زەینێکی گەورەو زەبەلاح بەرهەم بهێنێت.

* * *

کۆتای ئەم باسەم بەوە دێنم کە گەیشتووینەتە ئەو دەرئەنجامەی بێ دوو دڵی ڕۆڵو گرنگی هونەر بزانینو بیخەملێنین، بگەینە ئەو ڕاستیەش کەهونەر کەناڵێکی زۆر فراوانە بۆ گوزارشتکردنو تەعبیرکردن، بەبێ گەڕانەوە بۆ یاسای زمانو چوونە ژێر حوکمی یاساکانی زمان، هونەر ئیشکردنە لەسەر مانا، ئیشکردنە لەسەر دەلالەتەکان، هونەر ئیشکردنە لەسەر گۆڕینی فۆڕمەکان، هونەر ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕێت، هونەر ئازادی زیاترو سەربەستی زۆر زیاتری تیادایە. مرۆڤ ئەگەر بتوانێت هونەر دابەشبکا بەسەر ژیانیدا، زۆر زیاتر دەتوانێت ئیحساس بەماناکانی ژیان بکا، لەوێشەوە ئیحساس بەو قوڵیو گەورەییەی ناوەوەی خۆی. هونەر دەرچوونە لەئەتەکیاتی زمانو ئەو دەستورانەی زمان دیاریکردوون بۆ گوزارشتکردن. مرۆڤ کەدەزانێت زمان ئەوە ناگەیەنێت کەئەم لەناوەوەیدا هەڵیگرتوونو مەبەستێتی بیانگەیەنێت بەدەرەوەی خۆی، ئیدی پەنائەباتە بەر هونەر. داڤنچی کەتابلۆ دەکێشێت تەنیا یاری ناکا، تەنیا ڕەنگ ناکا، تەنیا خوولیا مومارەسە ناکا، بەڵکو دەیەوێت بەزمانێکی تر قسەبکاو گوزارشت لەخۆی بکا، مایکل ئەنجیلۆ کەپەیکەر دەتاشێت بەتەنیا چەکوش کاری ناکا، بەرد ناتاشێت، بەڵکو دەیانو سەدان گوزارشتی ترمان پێ دەڵێت. لەتەك ئەمەشدا دارتاشێك لەو کورسییەدا کەدروستی دەکا، تەنیا پارەو پول پەیدا ناکا، تەنیا ئەو ئیشە سادەو ساکارە ناکات کەئێمە لێیتێگەیشتووین، بەڵکو شتانێك لەناوەوەیدا گوزارشت دەکا، هەربۆیە شانازی بەپیشەکەشیەوە دەکا.

چیتر هونەر بەتەنیا مومارەسەیەکی شەخسیو خولیا ئامێز نیە وەك ئەوەی واتێبیانگەیاندوین. بەڵکو مومارەسەیەکی ئینسانییە لەپشت ئەتەکیاتەکانەوە. لەم باسەشدا دوو دڵ نیم کەخۆم داوە لەقەرەی یەکێك لەگرنگترینو پڕ هەستیارترین باس، ئەمەش بێ گومانم ناکا لەوەی زۆر مەسەلەو بابەتی جیام وورووژاندووەو هەندێکیان بەهێندەی تێگەیشتنی خۆمو هەندێکی تریش نەمتوانیبێت وەکو پێویست بچمە سەریو لەڕەهەندەکانی بدوێم، ئەمە جگەلەوەی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستی مندابوون لەوە کەمتر بوون کەبۆ بابەتێکی لەم شێوەیە پێویست بوو. کۆتایش ئەوەیە ئومێدم ئەوایە ئەم باسە بکەمە دەستپێکێك بۆ بابەتێکی قووڵترو تێروتەسەل تر لەئایندەدا، کەدڵنیاشم ئەوە شەونخوونیو ماندووبوونی زۆری گەرەکە.